# دابەشبوونی دەربڕینە چەسپاوەکان لەڕوانگەی دەوروبەری واتایی و دەروونییەوە

## پەند وەك نموونە

**بێستوون حەسەن ئەحمەد**

سکوڵی پەروەردەی بنەرەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە-** ئەم لێکۆڵینەوەیە بەناونیشانی (دابەشبوونی دەربڕینە چەسپاوەکان لە ڕوانگەی دەوروبەری واتایی و دەروونییەوە: پەند وەک نموونە)یە. ڕیبازی وەسفی شیکەرەوە بەکارهێنراوەو نموونەکانی ناو لێکۆڵینەوەکە، یان لەسەرچاوەکاوەن یان لە زمانی قسەپێکەرانەوە وەرگیراون.

جگە لە پێشەکی، لێکۆڵینەوەکە لەدوو بەش پێکهاتووە :

بەشی یەکەم بۆ ناساندنێکی دەربڕینە چەسپاوەکانو پەند تەرخانکراوە. زانستی زمانی دەروونی وەك چەمكو پێناسە لەم بەشەدا باسکراوە. هەر لەم بەشەدا زانستی زمانی دەروونی (دەروزمانی) و زانستی دەروونناسی زمانی لە یەکدی جیاکراوەنەتەوەو سنوورو ئامانجی هەریەکەیان دیاریکراوە .

بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکە کە دوو پارە، باس لە رەهەندە دەرونییە جۆراوجۆرەکان دەکات. لە پاری یەکەمدا بە پشت بەستن بە سەرچاوە دەروونییەکان ئەو گرفت و نەخۆشییە دەروونیانە خراونەتە بەرچاو، کە نموونەی پەندی دەرخەری ئەو گرفتانە لە ناو پەندەکاندا دەستدەکەوێت. لە پاری دووەمی بەشی دووەمدا نموونەی پەندە کوردیەکە لە ژێر ناونیشانی گرفتو نەخۆشییە دەروونییەکاندا ڕیزکراون، تا ئەو ڕادەیەش پێویست بوبێت لێکدانەوە بۆ پەندەکان لە ڕووی دەرونییەوە کراون .

لە کۆتاییدا ئەنجامەکانو لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی ئینگلیزیو عەرەبی خراوەتە بەرچاو.

**کلیلەوشەکان**-دەربڕینە چەسپاوەکان، زانستی زمانی دەروونی ، ئاوەزمەندی مرۆڤی کورد، تێگەیشتن لەڕێگەی پەندەوە.

## پێشەکی

*1/0) گرنگی بابەتەکە*

زمان پێڕەوێکی چرو ئالۆزە، ئەم پێڕەوە چروئالۆزە لە مێشکدا هەڵگیراوە. بیرکردنەوەو ئاوەزمەندی هەر میللەتێك بە هۆی ئەم پێڕەوەوە (بەتایبەت دەربڕینە چەسپاوەکانییەوە) دەزانرێت. کاری زمانەوان یان ئەوانەی خۆیان بە لێکۆڵینەوەی زانستی زمانەوە خەریك کردووە ئەوەیە، وێنەی ئەم پێڕەو لە مێشکدا بهێنە دەرەوە و ئاوەزمەندیو تێڕوانینی میللەتو نەتەوەکەش بخەنەڕوو .

دەربڕینە چەسپاوەکانی زمان، (پەند، ئیدیەم، میتافۆر، کۆمەڵەوشەو پێکەوەهاتووەکان)، گوازارشت لە لایەنی کۆمەڵایەتیو کلتوریو دەروونی، نەتەوەی خاوەن زمان دەکەن. بۆ ئەوەی بمانەوێت لە مێژووی ئابووریو ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتی میللەتو نەتەوەیەك تێبگەین، ئەوا دەبێت ئاوڕ لەم دەربڕینانەوەو ئەدەبی فۆلکلۆری (پەند، داستان، مەتەڵ، سەرگوزەشتە...هتد) ئەو میللەتو نەتەوەیە بدەینەوە. بەتایبەتی پەند ئەویش لەبەر چەند هۆکارێك:

1. ژمارەیان زۆرە.
2. بە بەراورد لەگەڵ دەربڕینە چەسپاوەکانی تر، لە هەموویان زیاتر کۆکراونەتەوە.

*2/0) کەرەستەو سنووری لێکۆڵینەوەکە*

ئەو کەرەستەو نموونانەی کە لە لێکۆڵینەوەکەدا بەکارهاتوون، یان لەو سەرچاوانەوە دەرهێنراون کە بۆ کۆکردنەوەی پەند تەرخانکراون، یان لە زمانی قسەپێکەرانی زمانی کوردی کرمانجی ناوەڕاستەوە وەرگیراون. ئەوەی کە زۆر گرنگە هەموو نموونە بەکارهاتووەکان لە ئەمڕۆی زمانی کوردیدا بەکاردەهێنرێنو دەربڕاوی زیندوون .

ئەگەر پەندەکە لە ناو سەرچاوەکاندا بەرچاو کەوتبێت، ئەوا ئاماژە بەسەرچاوەکە کراوە، بەڵام زۆرجار لە زمانی قسەپێکەرانەوە وەرگیراوەو ئاماژە بەسەرچاوە نەکراوە .

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 6، العدد 1(2020) ؛ عدد الصفحات (8)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v6n1y2020.pp1-8

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث 25 تشرين الثانى 2019؛ قُبل في 22 كانون الأول 2019؛ نُشرت في 12 كانون الثانى 2020

البريد الإلكتروني للمؤلف : bestun.ahmad@univsul.edu.iq

حقوق الطبع والنشر ©2020 بێستوون حەسەن ئەحمەد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

*3/0) گرفتو سەرچاوەكانی لێكۆڵینەوەكە*

دەروونناسی وەك زانستێك، كە لە ڕەفتاری مرۆڤ دەكۆڵێتەوە. لە پسپۆڕی لێكۆڵەرەوە دوور بوو. زاڵبوون‌و تێگەیشتن لە گرفتو نەخۆشییە دەروونییەكان ئاسان نەبوو. ئەمە جگە لە كەمی سەرچاوەی زانستی دەروونناسی بە زمانی كوردی.

*4/0) ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە*

. لەم لێكۆڵینەوەیەدا ڕێبازی پەسنكەرانەی شیكەرەوەیی بەكارهێنراوە

*5/0) بەشەكانی لێكۆڵینەوەكە*

جگە لە پێشەكی، لێكۆڵینەوەكە لەدوو بەش پێكهاتووە: بەشی یەكەم بۆ ناساندنێكی دەربڕینە چەسپاوەكان‌و پەند تەرخانكراوە. زانستی زمانی دەروونی وەك چەمك‌و پێناسە لەم بەشەدا باسكراوە. هەر لەم بەشەدا زانستی زمانی دەروونی (دەروزمانی) و زانستی دەروونناسی زمانی لە یەكدی جیاكراوەنەتەوەو سنوورو ئامانجی هەریەكەیان دیاریكراوە .

بەشی دووەمی لێكۆڵینەوەكە كە دوو پارە، باس لە ڕەهەندە دەرونییە جۆراوجۆرەكان دەكات. لە پاری یەكەمدا بە پشت بەستن بە سەرچاوە دەروونییەكان ئەو گرفت و نەخۆشییە دەروونیانە خراونەتە بەرچاو، كە نموونەی پەندی دەرخەری ئەو گرفتانە لە ناو پەندەكاندا دەستدەكەوێت. لە پاری دووەمی بەشی دووەمدا نموونەی پەندە كوردیەكە لە ژێر ناونیشانی گرفتو نەخۆشییە دەروونییەكاندا ڕیزكراون، تا ئەو ڕادەیەش پێویست بوبێت لێكدانەوە بۆ پەندەكان لە ڕووی دەرونییەوە كراوە .

لە كۆتاییدا ئەنجامەكان‌و لیستی سەرچاوەكان و پوختەی لێكۆڵینەوەكە بە هەردوو زمانی ئینگلیزی‌و عەرەبی خراوەنەتە بەرچاو.

## بەشی یەكەم

### 1-1)دەربڕاوە چەسپاوەكان‌و پەندی پێشینان

پەند، وەك یەكەیەكی چەسپاوی ناو دەربڕاوە چەسپاوەكانی زمان (پەند، ئیدیەم، میتافۆر، كۆمەڵەوشەو پێكەوەهاتووەكان)و وەك بەشێكی ئەدەبی فۆلكلۆر، پێناسەی زۆری بۆكراوە. لەگەڵێك ڕوو لایەنەوە ئاوڕلێدراوەتەوە، تەنانەت (میدەر) پێیوایە و دەڵێت "دەتوانم بڵێم پێناسەكانی پەند ژمارەیان لە خودی پەندەكان زیاترە"(وەرگیراوە لە، سید احمد پارسا: 26). زۆری ژمارەی ئەم پێناسانە بۆ بڵاوی چالاكی پەند لەلایەكەوەو بوونی پەند لە ئەدەبی زۆربەی گەلانی دنیادا لە لایەكی دیكەوە دەگەڕێتەوە. بۆیە ئەم لێكۆڵینەوەیە ئەوەندەی هەوڵی ناساندنی پەند دەدات، ئەوەندە هەوڵی پێناسەكردنی نادات.

ئەدەبیاتی زۆربەی گەلان بە فۆلكلۆر و ئەدەبیاتی زارەكی دەستپێدەكات، لە قۆناغەكانی دواترو پاش داهێنانی نووسین ئەدەبیاتی نووسراو هاتوەتەكایەوە. بۆیە لێكۆڵەران پێیان وایە "پەند یەكێكە لە كۆنترین ئەدەبیاتەكانی ئادەمیزاد، مرۆڤ پێش ئەوەی شیعر بڵێت‌و نووسین بێنێتە ئاراوە، پەندی داهێناوە" (بهمنیار، 1369: ز)، كە ئاوەزمەندی‌و سەلیقەی گەلە جیاوازەكان لە پەندەكانیاندا بەروونی دەردەكەویت. هەر پەندەو لە ئاوەزمەندیەكی پڕ ئەزموون‌و بیرێكی تیژو سەلیقەیەكی وردەو بەرهەمهێنراوەو چنراوە، زۆربەی پەندەكان چیرۆك‌و سەرگوزەشتەیەكیان لە پشتە، بەڵام مەرج نییە ئەمرۆ ئەو حیكایەتانە لەگەڵ پەندەكاندا هاتبن‌و وەك خۆیان مابنەوە.لێكۆڵەران پێیان وایە "ئەدەبیات و زانست‌و مێژووی رابردووی گەلان تیاچوون‌و نەمانەوە، تەنها پەند نەبێت لە سنگی قسەپێكەراندا پارێزراوە" "(وەرگیراوە لە، سید احمد پارسا: 33).

لە زانستی زماندا بەهۆی قسەكردن‌و بەهۆی واتاكانی دیكەوە جگە لە واتای فەرهەنگیی (میتافۆری‌و ئیدیەمی‌و گراماتیكی‌و پراگماتیكی)، دەزانرێت قسەكەر نێرە یان مێیەو گوند نشینە یان شارنشینەو گەنجە یان پیرەو خوێندەوارە یان نەخوێندەوارەو هەندێك بارو حاڵەتی دیكە، وەك جۆری پیشەو ئاستی ڕۆشنبیری‌و ڕادەی ڕێز هەستپێدەكرێت(بڕوانە (محمد معروف فتاح، (2011:47)، بە هەمان جۆر لێكۆڵینەوە لە پەندی هەر نەتەوەو گەلێك، بە كۆمەڵێك بۆیەری مێژوویی و حیكایەت‌و ئەفسانەو بیروباوەڕو باری كۆمەڵایەتی و دەروونی و پەروەردەیی و تێڕوانین‌و جۆری بیركردنەوەی ئەو نەتەوەو گەلەمان ئاشنا دەكات.

پەند لەڕووی زمانەوانییەوە یەكێكە لە دەربڕاوە چەسپاوەكان‌و قسەی ئامادەی زمانە، بۆ بەهێزی بەپێزی لە كاتی گوتندا ئاماژەی بۆ دەكرێت. لە ڕووی واتاوە، واتایەكی گشتی هەیەو لە سەرەتادا واتاكەی تەسكبووە، واتە تەنها بۆ یەك حاڵەت‌و بویەر بەكارهاتووە، پاشان بە فراوانبوونی واتادا چووەو واتاكەی گشگیرو فراوانبووە. زۆرینەیان واتایان لێلەو هەندێكیشیان واتایان لێڵی تەواوە، بەهۆی زۆربەكارهێنانیان واتایان لەلای بەكارهێنەرانی پێگەیشتووی زمانەكە تاڕادەیەك ڕوونبوەتەوە. لەڕووی سینتاكسەوە قەیدو كۆتوبەنددارن، بە ئاسانی ڕێگە بە جێگۆڕكی‌و گواستنەوەو جێگرتنەوە نادەن بڕوانە (1).

(1

ا- سوار تا نەگلێ نابێت بە سوار.

ب- گیا لەسەر بنجی خۆیی دەڕوێتەوە

لە (1-ا) گلان، ئێستا بۆ هەموو جۆرە گلانێك بەكار دێت. واتاكەی فراوان بووە.

لە (1-ب)دا، پەندەكە واتاكەی لە ئەنجامی زۆر بەكارهێنانی ڕوونبوەتەوە. سەبارەت بە قەیدو مەرجداری ناتوانین بڵێین :

؟ڕووەك لەسەر بنجی خۆیی دەڕوێتەوە

؟گیا لەسەر ڕەگ/بنوانی خۆیی دەڕوێتەوە

هۆی بڵاوی‌و مانەوەی پەند ئاسانی بەكارهێنانیەتی لەلایەن قسەپێكەرانییەوە، كە زۆرجار لەڕووی ڕۆخسارەوە زمانی پەند زمانێكی سادەو ساكارە، زمانی خەڵكی ڕەنجدەرو ڕەشوڕووتی كوردستانە. دوورە لە زمانی ئەدەبیی یەكگرتوو یان زمانی فەلسەفییەوە. یان زۆرجار بەیتێكی تەواوی شاعیرێكەو دەكەوێتە سەر زمان و دەبێت بە پەند، هەندێكیان وەك هۆنراوە خاوەنی كێش‌و سەروان یان زورجار هۆنراوە نین، بەڵام دوو بەشەو كۆتاییشیان بە سەجعێكی یەك قافیە دێت، یان پەند هەن لەشێوەی پرسیارو وەڵامدان، یان زۆرجار پەندەكان بە زمانی ئاژەڵەوە یان ڕووەك‌و بێگیانەوە وتراون، كەچی گوازارشت لە ناخ‌و دەروونی ئادەمیزاد دەكەن. ئەمانە وەك خشتی ناو دیوار بۆ بڕوابپێهێنان‌و قەناعەتپێكردن بەكاردەهێنرێن (بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕوخساری پەند، بڕوانە: (ئازاد ئەحمەد (2009 : 28 ))، (عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، (2010: 86))، (شوكریە ڕەسووڵ‌و جلال تەقی، (1984: 70)). بڕوانە نموونەی (2).

2) - وتیان ڕێوی كێ شایەتتە، وتی كلكم.

ئەم لێكۆڵینەوەیە هەوڵدەدات ئەو بار و حاڵەتە دەروونیانەی كەلە دەربڕاوەكاندا

(پەندەکاندا) هەن، هەڵبهێنجێنێت. هۆ و هۆکاری ئەو بارە دەروونییەو ئەو بیرەی کە ئەو بارەی هێناوەتەکایەوە بخاتەڕوو، پەیوەندی نێوان زمانو بیر دەمانباتەوە بۆ ئەو پرسیارەی، ئایا زمان لە ژێر کاریگەری بیردایە، یان بیر لەژێر کاریگەری زماندایە؟ کامیان کامیان دەوڵەمەند دەکات؟ کامیان کێشەو گرفت بۆ ئەوی دی دروستدەکات؟ ئایا بیرکردنەوە زمانەو بەڵام دەرنەبڕاوە؟ دەبێت پەیوەندی نێوان کەرەستە دەرونییەکانو دەربڕاوە زمانییەکان چیبێت؟ جوگرافیاو ژینگە جیاوازەکان بیری جیاواز دەهێننەکایەوە، بیری جیاوازیش بارو حالەتی دەروونی جیاوازو دەربڕینی جۆراوجۆر دروستدەکات. لە لایەکی دیکەوە زمانی جیاواز ڕۆڵی لە دروستکردنی بیری جیاوازدا هەیە، زانایانی بواری دەروونناسی نموونەی ئەو زمانانە دەهێننەوە، کە کردارەکانیان (ئێستاو داهاتوو) دەستنیشاندەکەن، بەرانبەر ئەو زمانانەی تەنها (ڕانەبردوو) دەستنیشاندەکەن، بیری جیاواز بۆ کات لە نیوان قسەپێکەرانی ئەم زمانانەدا هەیە.

/ گیۆر/ ساڵی (1983) لە زانکۆی /میتشگان/ سێ کۆمەڵە منداڵی لە هەر سێ زمانی عیبریو ئینگلیزیو فیلندی بەراوردکرد، کە ئەم سێ زمانە، جیاواز مامەڵە لەگەڵ توخمدا دەکەن. بۆ نموونە لە زمانی عیبریدا بەڕوونی نێرو مێ دەردەکەوێت، بەڵام زمانی فیلندی توخمی نیرومێ بەهەند وەرناگرێت، زمانی ئینگلیزیش پەیوەست بە مامەلەی توخمەوە ناوەند دەگرێت. لە ئەنجامدا لێکۆلەران بۆیان دەرکەوت منداڵانی قسەپێکەری زمانی عیبری سالێك پێش منداڵانی قسەپێکەری زمانی فیلندی توخمی خۆیان دەناسنەوە، منداڵانی قسەپێکەری زمانی ئینگلیزیش لە نێوان ئەو دوو زمانەدان (لیرا بورودیتسکی، تاپیر ) www.hekmah.org.اللغه فی تفکیرنا

**2-1) زانستی زمانی دەروونیی (دەروزمانی)**

زانایان ئەوەیان سەلماندووە، کە زانستەکان بەگشتیو زانستە مرۆییەکان کەم تا زۆر، پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، بەتایبەتی زانستی زمان پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ زانستەکانی (کۆمەڵناسی و دەروونناسیو لۆجیكو...هتد)دا هەیە. ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکیدیکەوە زانستی زمان تەنها لەزمانو ئاستو پێکهاتەکانی (فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی،...هتد)ناکۆلێتەوە، بەڵکو وەك ئامرازو هۆکاری پەیوەندی، لەلایەن زۆرێك لە زانستەکانەوە بەکاردەهێنرێت. بەوپێیەی زانستی زمان گرنگی بەو پەیامانە دەدات، کە لەنێوان قسەکەرو گوێگردا ئالوگۆڕ دەکرێن، لەگەڵ هەندێك زانستی وەك (کۆمەڵناسی و دەروونناسی) مەیدانی کارکردنیان هاوبەشدەبێت (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: جمعە سید یوسف، (1990 :15)).

پێشتر تێڕوانین بۆ زمان بریتیبوو لە ئامرازی پەیوەندیکردن یان هۆیەك بوو بۆ لەیەکتر گەیشتن، بەڵام ئەمڕو بەلای زمانەوانەوە زمان پێڕەوێکی چڕو ئاڵۆزە، لە ناو ئەم پێڕەوەدا بیرە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان هەن. دەروونناسیش لە ڕەفتاری مرۆڤ دەکۆلێتەوە گرنگیی پێدەدات، یان هەندێك دەروونناسی بەوە پێناسەدەکەن، کە لە ئەرکەکانی مێشكو چالاکیو ئەرکە هۆشەکییەکان دەکۆلێتەوە (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسووڵ، 2015: 58) . ڕەفتاری زمانیش دەچێتە چێوەی زانستی زمانو دەروونناسییەوەو کە مەیدانی کاری ئەم لێکۆلینەوەییە. زمان وەك ڕەفتارێکی مرۆڤ، خاڵی بەیەکگەیشتنی زانستی دەروونناسیو زانستی زمانە، کە لە ئەنجامدا زاستی زمانی دەروونی دێتە کایەوە. بە لێکدانەوەی پێناسەکان بۆمان دەردەکەوێت، کە کاری دەروونناسی گەیشتنە بەو کردارانەی، کە لە ئەنجامی جوڵەو ئاخاوتنو ڕەفتارە روخسارییەکان لە مێشکی مرۆڤدا ڕوودەدەن.

مرۆڤەکان لە درکپێکردنو بیرکردنەوەو تێڕوانینیان بۆ ژیان جیاوازن، ئەم جیاوازیەش لە زماندا ڕەنگدەداتەوەو دەربڕینەکانیان جیاواز دەبن. لەپاڵ هەستکردن بە جیاوازی باری کۆمەڵایەتیو ژینگەو جوگرافیاو ئاوەزمەندی، زانستی زمان بە هۆی دەربڕینەوە دەتوانێت هەست بە باری دەروونی قسەکەر بکاتو لقێکی زانستی زمانی پراکتیکی بۆ تەرخانبکات.

لە مێژووی زمانەوانیدا هاوبەشی زۆر لە نیوان زانستی زمانو زانستی دەروونناسیدا هەبووە، لە هەندێك قۆناغیشدا لێکۆلەرە زمانییەکان دەروونناسبوونو قوتابخانەی ڕفتارییان بونیادناوە (برۆسو سکینەرو بلۆمفیڵد) نموونەی ئەو زانایانەن، "دەروونناسەکان پێیانوابووە زمان ڕەفتارێکە دەتوانرێت ملکەچی لێکۆلینەوە بکرێت" (جمە سید یوسف، (1990:16)، ئەمانە هەموو لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە وەرگرتنی زمانی یەکەمو فیربوونی زمانی دووەمو بیرکردنەوەو واتاو نەخۆشییەکانی گوتن، میدانی کارکردنی زانستی زمانو زانستی دەروونناسین.

**1-2-1) پێناسەی (زانستی زمانی دەروونیی)**

لەڕووی زاراوەوە (دەرونزمانی) یان (دەروزمانی) پێدەگوترێت، کە لە بنەڕەتدا وەرگێڕانی وشەی(Psycholinguistics) زمانی ئینگلیزییە .

بۆ زانیاریزیاتر بڕوانە (عەبدوڵڵا حوسین ڕەسول، 32:2015 ).

زمانەوانەکانو ئەوانەی خۆیان بە زانستی زمانی دەروونییەوە خەریککردووە، زۆریك پێناسەیان بۆ ئەم زانستە کردووە (بڕوانە: عبدالواحید موشیر دزەیی، (2014 :16-17))، (دەرون عەبدولڕەحمان سالح،(2014 :5-8)). ئەوەی بەلای ئەم لێکۆلینەویەوە گرنگە ئەوەیە کە، زانستی زمانی دەروونی لەبەکارهینانی زمانو دەوروبەری دەروونیی دەکۆلێتەوە، یان لەو کردە دەروونییانە دەکۆلێتەوە کە لە کاتی بەکارهێنانی زماندا لەڕووی تێگەیشتنو بەکارهێنانەوە هەستپێدەکرێن، بەمەبەستی تێگەیشتن لە باری دەروونی قسەکەر یان بەشداربووانی چێوەی بارەکە. بە واتایەکی دی ئەم زانستە مەبەستییەتی باری دەروونی قسەکەر لە ڕێگەی یەکە زمانییەکانەوە بزانێت. چونکە پێوایە هەموو گوتنیك هەڵگری بارێکی دروونیی قسەکەرە.

ئەرکی سەرەکی زانستی زمانی دەروونیی خستنەڕووی ئەو ناوکۆییانەیە، کە لە نێوان زانستی زمانو زانستی دەروونناسیدا هەن. ئەمەش لە پێناو دۆزینەوەو تێگەیشتنی ئەو بارە دەروونییانەی لەناو بیردا هەستپێدەکرێن. ئاوەزی مرۆڤ لەڕێی ئاکارو گوفتارەوە هەڵدەسەنگێنرێت، ئاکار کاری زانستی دەروونناسییە، بەڵام گوفتارو ڕەفتاری زمانی کە بریتین لەو بزاوتنو واتایانەی مرۆڤ لەکاتی ئاخاوتندا دەیانوێنێت. کاری زانستی دەروونناسیو زانستی زمانن، بۆیە کاری زانستی زمانی دەروونییە لەو ڕەفتارە زمانییانە بکۆلێتەوە.

لەم سۆنگەیەوە، ئەم لێکۆلینەوەیە پێیوانییە بەکارهێنانی زمانو پرۆسەی پەیوەندیکردن، تەنها بریتیبێت لە دەرکردنی دەنگو وشەڕۆنانو ریزکردنی مۆرفێمو بەرهەمهێنانی فرێزو ڕستە، بەڵکو جگە لە گەیاندنی واتایی بنەڕەتی (فەرهەنگی) و واتای سەربار (میتافۆری)، هەمووئەو زانیاریانەش کە دەبنە هۆی نیشاندانی پروسە دەروونییەکان دەگەن. لە ئەنجامدا ئەوەی قسەکەر مەبەستییەتی زۆرینەی دەگاتە لای گوێگر. ئەم لێکۆلینەوەیە مەبەستییەتی ئەوە ڕوونبکاتەوە زمان کردیەکی میکانیکی ئەبستراکت نییە، یان خستنە پاڵیەکی دەنگو مۆرفێمو وشەو فرێز نییە بۆ پێکهێنانی دروستەی گەورەتر، بەڵکو لەپاڵ ئەمانەشدا گەلێك واتای جیاوازو ئاوەزمەندیی و

بیرو باری کۆمەڵایەتیو دەروونی دەگەیێنرێت. ئەگەر بڕوا بەوە بهێنریت کە زمان بریتییە لە گەیاندنو گوازارشتکردن لە بیر، ئەوا دەبێت هەموو بارە دەروونیو کۆمەلایەتیو کلتوورییانە لێکبدرێنەوە، کە بەشیکن لەگەیاندنی بیرەکەو هەرلێرەشەو زانستەکانی وەك (زانستی زمانی دەروونیو زانستی زمانی کۆمەڵایەتی) دێنە ئاراوە (بڕوانە (3)) .

3)

ا- دوێنێ نەهاتی.

ب- هەر نەهاتی.

لە (3-ا)دا، جگە لە واتای بنەڕەتی (فەرهەنگی) کە بریتییە لە >نەهاتنی گوێگر لە کاتێکی ڕابردوودا، کە دوێنێیە<، لەوانەیە یەکێك یان زیاتر لەیەکێك لە واتا بارکراوەکان، کە بە هۆیی چوارچێوەی بارەکەوە ڕووندەبێتەوە، یان واتای بارکراوەکانی دیکەی وەك (گلەیی و گازندە، پێویستی قسەکەر بەگوێگر، باری دەروونی خەمباربوونو هەستکردن بەتەنهایی و ...هتد) گەینراون.

لە (3-ب)دا، جگە لە واتای بنەڕەتی (فەرهەنگی) کە بریتییە لە > هەر نەگبەتی یان تۆ هەر نەهاتی< کە بەهۆیی ئاوازی ڕستەکەوە یەکلا ییدەبێتەوە، واتا بارکراوەکانی (گلەیی و گازندەیەکی زۆر، بێزاربوون، بێبەڵێنی و شکاندنی پەیمانو پەیوەستنەبوون بە جێژوانەوە، پێویستی قسەکەر بەگوێگر، باری دەروونی خەمباربوونو هەستکردن بەتەنهایی و پەراوێزخستن ...هتد) گەینراون.

زانستی زمان وەك زانستێکی گشتگیرتر لە زانستی زمانی دەروونیی، هەوڵدەدات لە ڕێگەی زمانەوە بیری مرۆڤەکان بدۆزێتەوەو بیخوێنێتەوە، بەڵام زانستی زمانی دەروونیی هەوڵی پەیبردن بەلایەنی دەروونی تاکەکان دەدات، تاك لە هەندێك باردا وەك نوێنەری کۆ هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت، چونکە لە زۆرێك لە بارەکاندا بیری تاك دابڕاو نییە لە بیری ئەو کۆمەڵەی تێدا دەژی. دەربڕاوەچەسپاوەکان لە سەرەتادا بەرهەمهێنراوی تاکبوون، بەڵام زۆرینەی قسەپێکەرانی زمانی دیاریکراو پەسەندی کردوون، هەربۆیە بڵاوبونەتەوەو وەك دەربڕاوی کۆمەڵو گشت و بیرو باری کۆمەڵایەتی دەروونی کۆمەڵی خاوەن زمان تەماشادەکرێن (بڕوانە) (4).

(4

ا- >ئەگەر تۆ نەبی بە یارم خوا دەسازێنێت کارم<. (شێخ محەمەدی خاڵ، (28: 2007))

ب- >هێنی گوێ ئاگردان قەدری نییە<. ((شێخ محەمەدی خاڵ،(291.))

لە (4-ا)دا، سەرەڕای دەربڕینی واتای پەندەکە، کە ئەگەر تۆ پشتم تێبکەیت، ئەوا خوایەك هەیە کە خوای بێکەسانە کارم بۆ دەسازێنێت. جۆرێك لەگەشبینی و بیدەربەسیو تەنانەت خۆ هەڵکێشانو شانازیکردن بە خۆوە دەربڕاوە، قسەکەر جۆرێك لە متمانە بە خواو هیواو گەشبینی پێوەدیارە.

دڵداری دیاردەیەکی بەربڵاوی کۆمەڵی کوردی و کۆمەڵە ڕۆژهەڵاتییەکانە و مرۆڤایەتی، بۆیە یار لە پەندو سەرەو ریزبونەکەدا هاتووە. لە کاتێکدا دەتوانرا وشەی /ژن/، /پیاو/، /خوشك/، /برا/... هتد بەکاربهێنرێت.

لە (4-ب)دا، سەرەڕای دەربڕینی واتای بنەڕەتیو فەرهەنگی پەندەکە کە بریتییە لە شتێك هی خۆت بێت بێنرخو بەهایە، بەڵام شتی خەڵکی موڵکداری کەسانی دیکە چێژی زیاترە. لەگەڵ ئەمانەشدا دەست براوە بۆ ئەندامی زاوزێی مێینەی جەستەی ئافرەت، کە هەمیشە لەلای میللەتانی ڕۆژهەڵاتو کورد بەتایبەتی وەك کاڵایەکی بەنرخ، بۆ تێربوونی حەزو ئارەزووە سێکسییەکان سەیرکراوە.

ئەو نموونەو بەڵگانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەهێنرێنەوە هەوڵدەدرێت، دەربڕاوی چەسپاوبن، واتە قسەی ئامادەی ناو کۆمەڵی خاوەن زمان بن، بەڵام زمانی ڕۆژانەی قسەپێکەران پڕن لەو نموونانەی جگە لە واتا بنەڕەتییەکانیان واتاو باری دەروونی دەگەیێنن.. نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو لێکۆڵەر بڕوای بەوە هەیە کە، ڕەهەندی دەروونی و کۆمەلایەتی لە زۆربەی وتراوەکاندا بوونی هەیە، بەڵام دەرکەوتنیان ڕێژەییەو وتراو هەیە دەرکەوتنی ڕەهەندە دەروونییەکەی زیاترو روونترە بە بەراورد بە دەربڕاوێکی دیکە، زمانەوانیش زمان بە دەرخەرو بەرهەمی دەروونی تاك دادەنێت "زمان بەرهەمی دەروونی تاکە کەسە" (عبدالواحید موشیر دزەیی، (2014 :35)) (بڕوانە) (5).

5)

ا- /ئیسراحەتیکرد/ کەسێك ژن تەلاقبدات یان بۆ مردوویەك بەکاردێت کە نەخۆشی یان نەبوونی یان کیشە یان ...هتد، تەنگپێهەڵچنیبێت.

ب- /بەربوین/ کاتێك خوێندکار لە خوێندنگە کاری تەواو دەبێت، ئەم وتەیە بەکاردەهێنێت، لە کاتێکدا /بەربوون/ بۆ زیندانە نەك قوتابخانە.

پ- /نەجاتمانبوو/ خوێندکار لە دوای دەرچوون (تەخەروج) بەکاریدەهێنێت. وەك ئەوەی بەڵایەکی گەورەی لەکۆڵبوبێتەوە.

دەکرێت بۆ گەیاندنی واتای یەك کردارو بار حالەت چەند دەربڕینێکی جیاواز هەبن. هەریەکەیان ڕەهەندێکی دەروونی لەپشتەوە بێت. بۆ نموونە /مردن/ دەکرێت بە چەندین شێوە گوزارشتی لێبکرێت، کە دەرخەری باری دەروونی بێلایەنی و پۆزەتیڤی و نێگەتیڤی بن. (بڕوانە (6)).

(6

/مرد/، /لەدەستمانچوو/، /دووبارەنابێتەوە/، /نەجاتمانبوو/، /لەکۆڵمانبوەوە/، /ئەولات ڕچوو/... هتد

لە (6)دا، وشەی /مرد/ بێلایەنی پێوەدیارە، بەڵام /لە دەستمانچوو/ وەسفو پەسنی مردووەو بارێکی پۆزەتیڤی دەگەیێنێت. دەربڕاوی /ئەولاترچوو/ ئاماژەیە بە خراپی مردووەکە لە ڕوانگەی قسەکەرەوە.

## بەشی دووەم

### 2-2) ڕەهەندە دەرونییە جۆراوجۆرەکان لە پەندی کوردیدا

دەروونناسی وەك زاراوە بەواتای (زانستی دەروونی یان دەروونناسی) دێت، لەڕووی چەمك و ناوەڕۆکەوە پێناسەی زۆری بۆکراوە، ئەمە جگە لە زۆری تیورو قوتابخانە دەروونییەکان، کە هەریەکەیان لە گۆشە نیگایەکەوە لە دەروونناسیان ڕوانییەوە.

دەروونناسی " ئەو زانستەیە کە لە هەڵسوکەوتو ڕەفتاری مرۆڤ دەکۆڵێتەوە (سامان عیزەدین، 2015: 20) واتە لە هەموو ئەو هەڵسوکەوتو ڕەفتارو چالاکی و پرۆسانە دەکۆڵێتەوە، کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات.

جۆر و بوارەکانی دەروونناسی لە سەرچاوە دەروونناسییەکاندا ئاماژەیانپێدراوە، کە بریتیین لە (دەروونناسی ئەزمونگەریو گەشەکاریو پەروەردەییو ...هتد)، کارو مەیدانی ئەم لێکۆلینەوەیە دەروونناسی کەسایەتیو کۆمەڵایەتییە، پەند وەك دەبڕی بیری تاك دواتر پەسنی کردنی لەلایەن کۆمەڵەوە دەچێتە چێوەی دەروونناسی کەسایەتیو کۆمەڵایەتییەوە. ئەم جۆرە دەیەوێت ئەو بارو حالەتە دەروونیانە بزانێت، کە تاكو کۆ

لە ناو کۆمەڵە جیاوازەکاندا هەیانە. گۆشەگیری و گەشبینی و ڕەشبینی و حەزی سێکسی ئەو ئاکارو ڕەفتارانەن کە بەلای کۆمەڵەوە ڕاستو پەسەندن! یان زەمینەو مەیدانی ڕەنگدانەوەیان چۆنە؟ کەواتە تیوری پێشنیازکراو بۆ چێوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە تیوری دەروونناسی کەسایەتی و کۆمەڵایەتییە.

زمان وەك ڕەفتارێکی زیندوو یەکێکە لەو چالاکییانەی کەوەك رەفتارێکی دەروونی سەیردەکرێت. چەند زانستی زمان بە مەیدانی کارکردنی خوبی دەزانێت، ئەوەندەش دەروونناسی خوبی پێوە خەریکدەکات.

زمان وەك هۆکاری کۆمینیکەیشن دوو دیوە، دیوێکی واتایەو دیوەکی دی دەنگە، دەنگ دیوە بەرجەستەو دەرکەوتوەکەیەتی، کە لە ئاستی (فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی) دا، لێکدەدرێتەوە، بەڵام واتاکان لە بیرو دەروونی مرۆڤدان، دیوە شاراوەو نابەرجەستەکەی زمانن. بۆیە کاتێك دەتوانین لە دەروونی مرۆڤ بگەین، کە ڕەفتارێك بنوێنێت یان زمان بەکاربهێنیت (بئاخوێت)، ئەمەش وای کردوە پەی بردن بە دەروون لە ڕێگەی زمانەوە بێت، کە ئەمەی دووەمیان کاری لێکۆڵینەوەکەیە. وەك وتراوە (بدوێ تابتناسم). واتە زۆر زەحمەتە بەبێ کردەی ئاخاوتن دەروونناسی بتوانێت کاری خۆیی بکات. ئەم تێکەڵییە لە هەندێك باردا زانایانی ئەم دوو زانستەی وەها لێکردووە، کە زۆر گوێ بە سنووری یەکدی نەدەن .

لێرە بە دواوە ئەم لێکۆڵینەوەیە مەبەستییەتی دوو پسپۆڕی لەیەك جیابکاتەوەو سنووری لێکۆڵینەوەکەش لە چێوەی یەکێکیاندا دیاری بکات، ئەوانیش بریتین لە:

دەروونزمانی: مەیدانو کاری زانستی زمانە، زانایانی ئەم زانستە شارەزاییان لە ئاستو یەکە زمانییەکاندا هەیە، بەهۆی کەرەستە زمانییەکانەوە (دەربڕینە چەسپاوەکان –پەند-) بۆ کەرەستەو کێشە دەرونییەکان دەچنو پەی بە گرفتو نەخۆشییەکان دەبەن. زمانەوان دەیەوێت گرفتی دەروونی لەرێگەی یەکەی زمانییەوە بدۆزێتەوە.

دەرونزمانی دەیەوێت ئەو کۆدو واتایانەی دەربڕی حاڵەتی دەرونینو لە مێشکی قسەکەردانو دەریاندەبڕێت، بدۆزێتەوە. پاش گواستنەوەیان بە ناوەندێکدا بۆ گوێگر، شیکردنەوەو لێکدانەوەی واتاکان لە مێشکی گوێگردا بە یەکێکی دیکەیە لە کارەکانی دەزانێت. یان بەکارهێنانی باشترین بژاردەی دەربڕاو لە لایەن قسەرکەرەوە بەمەبەستی دانانی زۆرترین کاریگەری (بڕوانە(7).

(7

. ا- ئەو کەسە کەسە ئەلفێکی بەسە.

. ب- قسە هەزارەو دوانی بەکارە


. پ- زمان بوەستێت سەر ڕەحەتە

. ت- قسە قیاسی عەقڵە.


نموونەکانی (7) جەخت لەوە دەکەنەوە دیوە بەرجەستەکەی زمان کە قسەیەو بە دەنگ دەردەبڕێت ، نیشانەو پێوەری لێهاتووییەکانی مرۆڤن. بە نموونەکاندا دەردەکەوێت تەنانەت لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە ئەو مرۆڤانە پەسەندن، کە زمانیان پاکەو بە ئاگاییەوە قسە دەکەنو قسەی خۆیان دەزانن.

دەروونناسی زمانی: مەیدانو کاری زانستی دەروونناسییە، زانایانی ئەم زانستە شارەزاییان لە یەکەو گرفتو نەخۆشیو کێشە دەروونییەکاندا هەیە، لەم زانستەدا لە یەکە دەروونییەکانەوە بۆ کەرەستە زمانییەکان دەچن. کاری سەرەکی ئەم زانستە دۆزینەوەی ئەو یەکە دەروونیانەن کە لە زماندا رەنگیانداوەتەوە کێشەی زمانیان دروستکردووە.

لێرەدا زمان وەك هۆکار بۆ شیکاری هاوکێشەو گرفتە دەروونییەکان دەخرێتەگەڕ، چونکە گۆڕانو شێواوی دەروونی لە زماندا ڕەنگدەداتەوە. بەو واتایەی لەم زانستەدا دەروونناسی ئامانجەو زمان هۆکارەو بەمەبەستی سوود وەرگرتن بەکاردەهێنرێت.




وێنەی (1) بەشەکانی مێشکی مرۆڤ




وێنەی ژمارە (2) وێنەی ئەندامەکانی ئاخاوتنی مرۆڤ

وەك لە وێنەکەدا دەردەکەوێت، کاری دەروونزمانی زیاتر پەیوەندی بە ئەندامەکانی ئاخاوتنی مرۆڤەوە هەیە. واتە لە یەکەی بەرهەمهێنراوی دەنگی (دەربڕینەکان) دەکۆڵێتەوە، بۆ ئەوەی لە مێشكو بیرو دەروون بگات. ئامانجی ئەم زانستە چارەسەری دەروونی نییە، بەڵکو ئامانجی شیکردنەوەی دەربڕینەکانو هەڵهێنجانی بیرو دەروونو ئاوەزەو شیکاری وردە. بە کورتی مەیدانی کارکردنەکەی ئەندامانی بەشدار لە ئاخاوتنو خودی ئاخاوتن خۆیەتی. وەک لە وێنەی ژمارە (٢) دا خراوەتەڕوو.

دەروونناسی زمانی لە ڕێگەی دەربڕینەکانەوە چارەسەری کێشەو گرفتو نەخۆشییە

دەرونییەکان دەدۆزێتەوە، بەئامانجی چارەسەرکردنیان. ئەم زانستە نە دەربڕینەکان شیدەکاتەوەو نەپۆلیان دەکاتو نە وردیان دەکاتەوە بۆ سەگمێنتو یەکەی بچوکترو نە ڕۆڵو ئەرکیان پێدەبەخشێت. وەک لە وێنەی ژمارە (1) دا خراوەتەڕوو. واتە مەیدانی کارکردنی دەروونزمانی وێنەی ژمارە (2)ە، هەروەها مەیدانی دەروونناسی زمانی کارکردنی وێنەی ژمارە (١١)ە.

زەمینەی کارکردنی هەردوو زانستەکە لە هەندێك بارو شوێندا تێکەڵبەیەکدی دەبن، هەردووکیشیان سوود لەیەکدی وەردەگرن.

دەربڕاوە زمانییەکان، گوازارشت لە دەروونو هۆشو هەستو نەستو ژیریو یادگارییەکانی...هتد مروڤ دەکەن. بۆیە دەکرێت بڵێین لەڕێگەی ئەم دەربڕوانەوە بارە دەروونییەکان بخوێنینەوە. تەنانەت ناوی تایبەتی مرۆڤەکان گوزارشتە لە دەروونی دایکوباوکان، لە ساتی لەدایکبوونی منداڵەکانیاندا دەکەن، (بڕوانە(8)).

8) ناوی تایبەتی/ بەناوکردن / موحەمەد، ئەبوبەکر، میسی ، ڕۆناڵدۆ ، ...هتد

ناوی /ئاوارە/ گوزارشتە لە ئاوارەیی

ناوی /فرمێسك/ گوزارشتە لە خەموخەفەت

ناوەکانی /هێرش/، /شۆرش/، /دلێر/، /خەبات/، /ئازاد/...هتد گوازارشتن لە قۆناغی رزگاری نیشتمانی میللەتێکی ژێردەستە.

ناوەکانی /غەریب/و /نامۆ/و /پەنا/و /شەرمن/و /خەمبار/و /جێگر/و بەهەمانجۆر لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت.

زانایانی بواری دەروونناسی گەلێك نەخوشی جۆراوجۆری دەروونیان دەستنیشانکردووە (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (ئەفرام محەمەد حەسەن، (2009: 77-93، 157- 181)، (کەریم شەریف قەرەچەتانی، (2005: 388، 395).

گرفتو کێشە دەروونییەکانی وەك (دوودڵی، ڕاڕایی، شپرزەیی، خەمۆکی، دوورەپەرێزی، هەستیاریی، نەرگسیەت، ...هتد) مایەی تێڕامانو مەیدانی کاری دەروونناسین. بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیە زیاتر ئەو گرفتو نەخۆشیو ڕەهەندە دەروونییانە دەخاتەڕوو، کە نموونەی پەندی هەیەو دەربڕی ئەو گرفتو نەخۆشیو ڕەهەندە دەروونییانە بێت. نموونەی پەندەکانیش لەگەڵ ڕەهەندو گرفتە دەروونییەکەدا دەخرێنە بەرچاو. یان لانی کەم ئەو گرفتانە دەخاتەڕوو کە ئەم لێکۆڵینەوەیە پەی بە نموونە پەندەکان بردوەو نموونەی پەندی بۆ دۆزیونەتەوە.

1- حەزی سێکسی:

سەرەتا پێویستە بزانرێت سێکس بەشێکی گرنگە لەژیانی نەك بەتەنها مرۆڤدا، بەڵکو لە سەرجەم گیانلەبەرنیشدا، زۆرجا گیانداران لە شوێنو خواردنو سەرکردایەتی شەڕی گەورەیان دەبێت، تەنانەت جگە لە چێژو حەز، سێکسکردن خستنەوەی نەوەشی لێدەکەوێتەوە. ئەم حەزە سێکسییە لای نیرومێ و قۆناغەکانی تەمەن جیاوازن (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئەفرام محەمەد حەسەن، (2009: 191). بەڵام هۆکارەکانی دروستبوونی ورووژاندنو حەزی سێکسی پەیوەندی بەو کارەوە هەیە، کە مرۆڤ ڕۆژانە ئەنجامیدەدات، وەك ئاخاوتن، پەیوەندی تەلەفونی، بینین، بەریەککەوتنو...هتد.

لێکۆلەر مەبەستیەتی بڵێت بینینی لەشولاری ڕێكو جوانو سەرنجڕاکێش یان بەرچاوکەوتنی ئەندامە وروژینەرەکانی جەستەو بیستنی دەنگی بەسۆزو بەریەکەوتنی دوو توخمی جیاواز (نێرومێ) هۆکارن بۆ دروستبوونی حەزی سێکسی.

تێربوون یان تێرنەبوونی مروڤ لە ڕووی سێکسییەوە ڕۆلێکی گرنگ لە ژیانو ڕەفتارو هەڵسوکەوتو چالاکی تاکەکەسدا دەبینێت.

کۆمەڵی کوردی وەك کۆمەلێکی خەفەکراوو چەپێنراوی سێکسی، هەمیشە مەیلی بەکارهێنانی وشە تابۆ و سێکسییەکانی هەبووە. کۆمەڵە پرۆسەیەک نەیتوانییوە پێیانبگاتو هەڵسوکەوتو مامەلەیی ئاساییان لەگەڵدا بکاتو بەردەستو حازر نەبوونو هەمیشە یاساغو قاچاغبوون، هەولیداوە بە زمان گوازارشتیان لێبکاتو لە پەندەکانیدا ڕەنگیانداوەتەوە.

لەم جۆرە کۆمەڵانەدا شکستی تێرکردنی حەزە سێکسییەکان لەڕووی جەستەییو لەشولار نەبووتە هۆی دامرکاندنەوەو چێژبەخشین. هەڵبەتە ئەگەر قسە لەسەر زۆرینەی کۆمەڵی کوردەواری بکرێت. لەرووی لایەنی ڕوحیو خۆشەویستیو سۆزداریشەوە، لە کۆمەڵە پارێزبەندو خێلەکییەکاندا کێشەو گرفتو لەمپەرهەبوون، هەموو ئەمانە تێکشکانی دەروونیو ئالۆزیو باو بڵاوی کۆمەڵایەتی لێکەوتووەتەوە.

ئەم خەفەکردنە دەبێتە هۆی نیگەرانی و فشارو هەڵچوون، لە ئەنجامدا بیروزهنی مرۆڤ داگیردەکات. بە کورتییەکەی ئەوەی مرۆڤی کورد نەیتوانیوە لە ڕووی جەستەوە پێیبگات، بە زمان دابینکردووەو پێیگەشتووە. هەرلەبەر ئەمەیە کورد ئەم دەربڕاوانەی داڕشتووە، تەنانەت سینکرونیانە بروانینە نوکتەکان کە دەربڕاوێکی کۆمەڵایەتی و چەسپاوی زمانن، زۆرینەیان تابۆنو باس لە سێکس دەکەن، بڕوانە (9)).

(9

ا- هەرزەکار بەردیشی لێدەبێت بەماکسی سوور.

ب- ئەوەی بەگاوان ببڕی ماکەر ...... . (شێخ محەمەدی خاڵ، (2007: 56)).

پ- کەری تیا ...... کەس نالێت بۆ وا دەکەی. (شێخ محەمەدی خاڵ، (74:2007)).

ت- هینی بێموی دەوێت. (شێخ محەمەدی خاڵ، ( 2007: 55)).

ج- ئەوە شانسی من نییە گسك بدەمو .........کەر بدۆزمەوە.

نموونەکانی (5 –ب،پ) ئەوە دەردەخەن، کە کۆمەڵی کوردیی، بۆ تیرکردنی حەزە سێکسییەکانی، سڵی لە ئاژەڵیش نەکردووەتەوە. لە نموونە (ج) دا، کە بە زمانی مێینەوە وتراوە، دەست براوە بۆ ئەندامی نێرینەی گوێدرێژ، کە دۆزینەوەی بە شانسو بەختێکی باش لە قەلەم دراوە. لە کاتێکدا لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ناوبردنو باسکردنیشی نەنگیەکی گەورەبووە .

2- نەرگسییەت (خود پەسەندی)

ئەو دیاردە دەروونییەیە، کە مرۆڤ پێش ئەوەی خۆشەویستی بۆ خەلك هەبێت، بە خۆشەویستی خۆی دەستپێدەکات. قۆناغێکی تەمەنە لەم قۆناغەدا خۆشەویستی خود زیادەڕۆیی تێدا دەکرێت. سەرچاوەی نەرگسییەت، لە هەندێك باردا بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو بە چاوی کەم سەیرکردنەی لەلایەن کۆمەڵەوە هەیە بۆ کەسی نەرگسی، یان ئەو پەراوێز خستنەی، کە لایەن کەسە نزیکەکانییەوە بەرانبەری دەکرێت. لێکۆلەرەوەکان پێیانوایە مرۆڤ لەسەرەتای تەمەنیدا بە خۆشەویستی بۆ خود دەستپێدەکات، پاشان دەگوێزرێتەوە بۆ خۆشەویستی کەسانی دی. بڕوانە: (سامان عیزەدین سەعدون،2015 : 395) .

کەسی نەرگسی هەستێکی شکۆمەندی لا دروستدەبێت، کەپێیوایە کەسێکی تر لە

شێوەی ئەو بەو ڕادەو ڕێژەیە لە (زیرەکی، هۆشیاری، ژیری، جوانی، چەلەنگیو چالاکی...هتد دا) بوونی نییە. ئەمەو تەنها ئەم دانسقەو ناوازەیە. بۆیە چاوەڕوانی کاردانەوەی بەرانبەرەکانییەتی بەهەمان تێڕوانینەوە، واتە دەیەوێت کەسانی دەوروبەری ڕێزێکی تایبەت بۆ کەسایەتیو بیروڕاکانی بنوێنن. هەرچی بیروڕای خۆیی هەیە بەڕەهایی بە ڕاستیان دەزانێتو هیچ گومانو دوودڵییەکی بەرانبەریان نییە.

لە گرنگترین نیشانەکانی کەسی نەرگسی:

ا- وشەکانی (من، خۆم، خودی خۆم، شەخسیەن خۆم، باسکردنی ژیانی تایبەتی خۆیی) زۆرتر بەکاردەهێنێت.

ب- بیروڕاو بۆچوونەکانی بەڕەهاو ڕاست دەزانێت.

پ- هەستکردن بە گەورەیەکی زۆر دەکات، بەڵام ئەم هەستە لەکەمییەوە سەرچاوە دەگرێت.

ت-پەرۆشییەکی زۆر بۆ بەدەستهێنانی ناوبانگ. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر نەرگسیەت بڕوانە: (محمد اسامه،من هو شخص نرجسی) .

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی نەرگسییەت، لە پەندی کوردیدا ( بڕوانە(10)).

10)

ا- شا بە سەپان نازانم.

ب- ئەگەر تۆ نەبیت بە یارم خوا دەسازێنی کارم. (شێخ محەمەدی خاڵ، (2007 :28)).

پ- بە پشیلەیان وت: گوت بۆ دەرمان دەشێ، دەچوو دەیکرد بە ژێر خۆڵەوە. (شێخ محەمەدی خاڵ، (2007 :74)).

ت- بە خۆم بڵێن ئاغا و بەژنەکەشم بڵێن ئاغا ژن. (شێخ محەمەدی خاڵ، ( 2007: 76).

ج- گۆشتی لاڕانی خۆم دەخۆمو منەتی قەساب هەڵناگرم. (شێخ محەمەدی خاڵ، ( 2007: 96).

چ- هەتا خۆم کوڕبووم بە بانانەوە، بەرتیلیان دەداو دەپاڕانەوە.

نموونەکانی (8)، دەربڕی خود پەسەندیو لەخۆ ڕازیبوونو نەبینو داپۆشینی عەیبو عاری خود دەبینرێت، کە ئەمەش گرفتوکێشەی دەروونییە. لە (8 –ا) شانازیکردنێکی زۆر دەبینرت، لە (8 –ب) بێمنەتی هەستپێدەکرێت، (8 –ج) پشتبەستن بە خودو بێمنەتیو لە خۆڕازیبوون دەبینرێت، لە (8 –چ)شانازی خود پەسەندی بەڕابردووەوە دەربڕاوە...هتد.

3- گەشبینی

گەشبینی لە سادەترین پێناسەیدا: بریتییە لە ڕوانینی ئەرێنییانە بۆ ژیانو بە هیواوە سەیرکردنی ئایندە. کەسی گەشبین پێیوایە کە دوای هەموو نەهامەتێك خۆشگوزەرانی و ئاسودەی دێت. گەشبین تەنگانەکان بەقۆناغی ژیانو نارحەتییەکان بەسروشتی کارو نەهامەتییەکان بەکاتیی دەزانێت. بەهیواوە دەڕوانن بۆ ئایندە گەشو گەشبینی هێزو هیواو باوەڕو متمانەیان دەداتێ. لەم ساتەوەختەدا گەشبینیو شادیو خۆشی بە دەموچاو ڕوخساری کەسەکانەوە هەستپێدەکرێت. ئەم حاڵەتە بارێکی ئەرێنی ژیانە. کەسە گەشبینەکان هەڵی مانەوەو بردنەوەو سەکەوتنیان زیاترە لە کەسە ڕەشبینەکان، بەڵام دەبێت گەشبینی سەرچاوەیەکی ڕاستی واقعی هەبێت، دەنا لە گێلیەتییەوە سەر دەردەکات. بڕوانە (11)).

11)

ا- ئەگەر سەربکەیت ، لەبەرسیلە حەڵوا دەکەیت. (شێخ محەمەدی خاڵ، (2007 : 31)).

ب- ئەگەر نەبیت بە یارم خوا ئەسازێنی کارم. (شێخ محەمەدی خاڵ، (2007 :28)) .

پ- خوا لەسوڵتان مەحموود گەورەترە.

ت- خوا کلاوی بۆ بەڕوو کردووە.

ج- خوا دەرگایەك دادەخاتو دەیان دەرگای تر دەکاتەوە.

چ- بەری تەنگانە کورتە.

ح- خوا تا سەری دابێت رسقیش دەدات.

نموونەکانی (9) ئاماژەن بە ئۆقرەییو ئارام گرتن، پشت بەستن بەخوا، کە لە سەروی هەمووومانەوەیەو ئاگاداری بەندەکانییەتی. مرۆڤی گەشبین هەندێك جار خویشی دەزانێت گەشبینییەکەی نالۆجیکییە، بەڵام بۆ بەردەوامی ژیان هەندێکجار گەشبینی نالۆجیکیش پێویستە. لە (9-ج،چ)دا، جۆرێك لە واقیعەتی تیدایە، کە هەمیشە ئەزموون ئەمەی سەلماندووە. لە (9-ت،ح)دا، پشت بەست بە خودای تێدایە، بەڵام لەڕاستیدا پاش هەوڵوکۆشش لۆجیکییە پشت بەخوا ببەستیت، نەك ئاسودە دانیشیتو بەهیوای بارینی رزقو رۆزی بیت لەلایەن خوداوە.

4- ڕەشبینی

ڕەشبینی تێڕوانینی نەریضنییانە بۆ ژیان، کە دڵتەنگی و خەمۆکیو بێئومیدیو بەبنەبەست گەیشتنی هیواکان لە ڕوخساری کەسەکانداو لەم دۆخەددا دەبینرێت، (بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕەشبینی و گەشبینی بڕوانە: سامان عیزەدین سەعدون، (2015: 300- 309).

گەشبینی و ڕەشبینی، بەتایبەتی ڕەشبینی کاتێك دەبێتە نەخۆشیو گرفتی دەروونی کە کەسەکە هەموو ژیانی گەشبینی یان ڕەشبینی بێت. واتە هەموو شتەکان بە سپی یان ڕەش ببینێت. مرۆڤی ئاسایی دەبێت لەگەڵ بۆیەرە (کۆمەڵایەتی و سیاسیو رۆشنبیری ...هتد) ەکاندا، حاڵەتە گەشبینی و ڕەشبینییەکەی بگۆڕێت. دەشێت تاك بۆ هەندێك حاڵەت شادو گەشبینو بە هیوا بێت، لە هەندێك بارو حاڵەتی تردا ڕووداوەکان مایەی خەمو خەفەتو دڵتەنگیو بێئوقرەیی بن بۆ ئەو، ئەم خەمو خەفەتەش دەشێت جۆرێك لە واقعبینی بێت بۆ ژیان، چونکە ڕوونە مرۆڤەکان قەیرانەکان بەرەو کۆیی دەبنو ئەزموونو پێشهاتەکانی ڕابردوو ڕەشبینیان دەوێت نەك گەشبینی بڕوانە (12). بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕەشبینی و گەشبینی بڕوانە:(د.**فظيلة** عرفات: 2009) .

12)

ا- ئەگەر گۆشت بۆگەنیکرد خوێی، واوەیلا بۆ ئەو ڕۆژەی خوێی بۆگەن دەکات.

ب- ماسی لەسەرەوە بۆگەن دەکات.

پ- ئەوە بەختی من نییە گەسك بدەمو .....کەر بدۆزمەوە . (شێخ محەمەدی خاڵ، ( 2007 :54))

ت- گوێکۆلەی خۆماڵی بەگا نابێت.

ج- ئەگەر قەلەڕەش ڕێ نیشاندەر بێت ، ئەبێ گەورە هەر دەربەدەر بێ. (شێخ

محەمەدی خاڵ، ( 2007 :32))

چ- ئەگەر کابانمان پوربەگی بێت، حاڵمان حاڵی سەگی بێت.

لە نموونەکانی (12-ا، ب) دا، ئاماژە بۆ دەسەڵاتی گەندەڵ‌و نەبوونی چارەسەرو بێئومێدی کراوە، لە (12 – پ)دا، بێبەختی نیشاندراوە ...هتد.

هەندێك دەربڕینی تازە لە زماندا وەك دەربڕینی چەسپاوو ئامادە، پەیدابوون. کە زیاتر هی ئەم ساڵانەی دواین‌و وەك پەندەکانی دی مێژووی کۆنیان نییە. گەشبینی و ڕەشبینی و بێشانس‌و بەختی نیشاندەدەن. بڕوانە (13).

ا- بچێت بۆ بەحری سیروان، دەبێت مەسینەیەك ئاو لەگەڵ خۆیدا بەرێت. ڕەشبینی

ب- بەڕاستدا بڕۆم چەپم بۆ دێت، بە چەپدا بڕۆم هەر چەپم بۆ دێت. ڕەشبینی

پ- دەست بەرێت بۆ ژێر بەرد، ژێرەکەی ئاڵتونی تیایە. گەشبینی

ت- دۆلاری زۆر بەرزە. شانس‌و گەشبینی

٥_ نامۆیی:

ئاماژەکردنە بە شتێك یان ڕووداو دیاردەیەك، کە نالۆجیکی بێت‌و نامۆبێت بەلای کۆمەڵەوە. شتە ئاسایی سروشتییەکانی ژیان بەلادا بنرێن‌و لە جێ‌و شوێنی ئەوان شتی ناقۆڵاو ناپەسەند دابنرێن. بڕوانە (14).

(14

ا) ئەڵی ماستمان خواردووەو دۆمان داوەبەو . (شێخ محەمەدی خاڵ، ( 2007: 46)).

ب) من دەڵێم نێرە، ئەو دەڵێت بیدۆشە.

## ئەنجام

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا دەگەینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

1. دەربڕاوە چەسپاوەکان بەگشتی و پەند بە تایبەتی، دەرخەری بارودخ‌و جۆری ژیانی نەتەوەی خاوەن پەندن. لایەنی مێژوویی‌و کۆمەڵایەتی‌و کلتوری‌و ئابووری و ڕوشنبیری‌و دەروونی ئەو نەتەوەو میللەت دەدەخەن
2. پەند لە وێژەو زمانی کوردیدا، پانتاییەکی گەورەی گرتووە. نموونەی ئەو پەندانەی دەربڕی کێشەو گرفتە دەروونییەکانن زۆرنین. کێشەو گرفتی دەروونی هەیە نموونەی پەندی نییە.
3. پەندەکان لە زمانی تاکەوە داکەوتوون. واتە دەربڕی ناخ‌و دەروونی تاك بوون، بەڵام دواتر کۆمەڵ پەسنی کردووەو مۆرکی گشتییان وەرگرتووە. هەربۆیە هەندێك لە کێشەو گرفتە دەروونییەکان (نەرگسیەت‌و گەشبین‌و ڕەشبینی‌و حەزی سێکسی‌و...هتد) لەلای کورد مێژوویان هەیە.
4. گرفت و نەخۆشی دەروونی وەک (خەمۆکی، دوودڵی و ڕاڕایی، ...هتد) هەن، بەڵام ئەمانە زۆرتر لەسەر ئاستی تاک ڕەنگیانداوەتەوەو نەبوون بە نەخوشی گشگیر. بۆیە لە پەندا کەمتر هەن وهەستپێدەکرێن.

## سەرچاوەکان


**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:**

ئازاد ئەحمەد مەحمود ، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ،ئەکادیمیای کوردی ، هەولێر، 2009

ئاڤێستا کەمال مەحمود، پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، 2012.

عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی ئاراس، چاپی سێیەم، 2010.

عبدالواحید مشیر دزەیی، واتاسازی چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی‌و پراگماتیکییە، چاپخانەی خانی، هەولێر، 2014.

سامان عیزەدین سەعدون، دەقە شیعرییەکانی گۆران لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە، چاپخانەی تاران، 2015.

د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای گشتی، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی دووەم، هەولێر ، 2007.

د. ئەفرام محەمەد حەسەن، نەخۆشیە دەرونییەکان، چاپخانەی ئاوێنە، چاپی دووەم، .... ، 2009 .

شوکریە ڕەسوڵ. ، و جلال تەقی، پەندی پێشینان‌و قسەی نەستەقی کوردی، چاپخانەی الادیب، هەولێر، 1984.

شێخ محەمەدی خاڵ، پەندی پێشینان، چاپخانەی شڤان ، 2007.

محەمەدی مەحویی، زانستی هێما هێما، واتاو واتا لێکدانەوە، بەرگی یەکەم ا- و دووهەم —ب - ، چاپخانەی پەیوەند، زانکۆی سلێمانی، سلێمانیی، 2009. محمد معروف فتاح، زمانەوانی، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم، 2011

محمد معروف فتاح لێکۆڵینەوەی زمانەوانی ، چاپخانەی ڕۆژهەلات ، هەولێر، 2010.

**نامەی بڵاونەکراوە:**

دەروون عەبدولڕەحمان سالح، ڕۆڵی زمان لە ئاڕاستەکردنی لایەنی دەرونیی تاکدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، 2014

**گۆڤارو ڕۆژنامە**

عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، دەروزمانی، زمانناسی – ژمارە (17)، 2015

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**

د. جمعەسیدیوسف، سیکولوجیه اللغه والمرض العقلی، سلسله عالم المعرفه، کویت، 1990

قاسم حسین صالح، علم نفس شواذ والظطرابات العقلیه والنفسیه، اربیل، 2005

**سەرچاوەکان بە زمانی فارسی:**

سیداحمد پارسا، بررسی تطبیقی امثال کردیو فارسی،سنندج، 1394

احمد بهمنیار، ((مثل) یغما. شماره (2)، 1328

**سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان:**

https://mawdoo3.com/ أنواع_الأمراض_النفسیه_وأعراضها

https://www.ultrasawt.com/ أنواع-الأمراض-النفسیه--وعلاجاتها/الترا-صوت/الترا-لایت

http://www.alnoor.se/: د.فظیله عرفات: (2009). التفاؤل والتشاؤم مفهومها أسبابها والعوامل الموثره فیها

http://midan.aljazeera.net محمد اسامه، من هو شخص نرجسی